یەکێتی خانەنشینانی کوردستان:داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات پابەند بێت بەیارمەتی دادگای فیدراڵی



یەکێتی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە دواکەوتنی مووچە ڕایگەیاند، پێویستە بەیارمەتی دادگای فیدراڵیی عێراق جڵەوبکرێن، داوادەکەین کە حکومەتی هەرێم و عێراق پابەندبن بە پێدانی ماف و شایستەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

ئاماژەی بەوەشکرد، داوا لە وەزارەتی دارایی هەرێم دەکەین کە هەماهەنگ بن لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق بۆئەوەی کێشەی مووچە چارەسەربکرێن، چیتر بیانوو نەدۆزنەوە و میللەت نەکەن بە قوربانی ململان سیاسییەکانیان، بەڵکو چارەسەرێکی ڕیشەیی کێشەی مووچە بکەن.

ئاوەشی خستەڕوو، کێشەی ئەم هەر مووچەی ئەم ماڵە نییە، بەڵکو کێشەی ئەم مووچە فەوتاوەکانی دیکەشە، لەگەڵ میکانیزمی دابەشکردنی مووچە و چەندین گرفتی دیکەی تایبەت بە خانەنشینان.